# کارگێری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر ڕۆژنامەنووسان

## ڕۆژنامەی خەبات بە نمونە

م.ی. ئەیاد ئەحمەد مراد

بەشی ڕاگەیاندن/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین/ هەرێمی کوردستان/ عێراق

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٥\١٦ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\٧\٢

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕۆڵی کارگێری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر ڕۆژنامەنووسان ڕۆژنامەی خەبات بە نمونە). توێژینەوەیەکی پەسنکاریی (وصفی)یە، بەڕێبازی (ناخشیکاریی) ئەنجامدراوە. بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژەر پشتی بە (فۆرمی ناخشیکاری ) بەستووە.

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان و مشتەی توێژینەوەکەش بریتییە لە لە ئەندامانی ستافی ناو ڕۆژنامەی (خەبات) کە سەرجەم کارە هونەری و هەواڵساز و تایپیست......هتد. تاوتوێکراون کە (٣٤) فۆرمی تێدا دابەشکراوە وەڵامی پێویست وەرگیراوەتەوە.

توێژینەوەکە هەوڵێکی زانستییە بە ئامانجی دەرخستنی ڕۆڵی کارگێری ناو دەزگاکە. هەروەها دەرخستنی جۆری ئەو ڕۆڵە و چۆنیەتی کاریگەری ئەڕێنی لەسەر ئەندامانی ناو دەزگا میدیایەکە.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفیە، کە تیایدا میتۆدی ڕووپێویی ڕاگەیاندن بەکارهاتووە، ئەمەش یارمەتی توێژەر دەدات لە تیشک خستنە سەر ئەو دیاردەیەی، کە لێی دەکۆڵێتەوە، هەروەها هەوڵێکی واقیعییە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان. لە گرنگترین ئەنجامەکان : لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەکەوێت، دەستەی کارگێری ڕۆژنامەی خەبات هاوکاری ڕۆژنامەنووسەکانی دەکات بێ جیاوازی. زۆرترین وەرگیراوانی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، کەلە خشتەی (٤) دا دیارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت . دەرکەوتووە کە دەستەی کارگێری ڕۆژنامەکە، کە لە هەڕەمی سەرەوە بۆ خوارەو ئەکتیڤن. لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەیەکی حزبییە زۆربەی ئەندامانی ناو ڕۆژنامەکە( نمونەی توێژینەوەکە) لایەنگری سیاسەت و پرۆگرامی ئەو حزبەن.

**کلیلە وشەکان**: ڕۆڵ، کارگێری، دەزگاکانی ڕاگەیاندن ، ڕۆژنامەنووسان، ڕۆژنامەی خەبات

sjh@univsul.edu.iq

١. **پێشەکی**

هەموو کەناڵێکی میدیایی لە بواری کارگێری سیستەمێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ببێتە هۆی پێش خستنی کەناڵەکە و شێوازی کارکردن و هەروەها لەگەڵ سیاسەتی کەناڵەکە بگونجێت.

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (رۆڵی کارگێری دەزگاکانی راگەیاندن لەسەر رۆژنامەنووسان رۆژنامەی خەبات بە نمونە)، کە توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە بۆ نمونەیەك لە ڕاگەیاندنکارانی نێو رۆژنامەنووسانی رۆژنامەی خەبات، بەو پێیەی کە میتۆدێکی گونجاوە لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە توێژەر هەیەتی لەم توێژینەوەیەدا و ببێتە هۆکارێکی زیندووی میدیایی بۆ رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان و دەستەی کارگێری ناو دەزگاکانی راگەیاندن کە ئەوانن هێڵە وەهمییەکانی ناو دەگاکان دەکێشن و دەبنە هۆی سەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی دەزگاکە و بە پێچەوانەشەوە راستە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت. بەشی یەکەم پێک دێت لە چوارچێوەی توێژینەوە پێک دێت کە (کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، جۆر و رێبازی توێژینەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوە، نمونەی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو )ی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو. بەشی دووەمی توێژینەوەکە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە، لە (سێ) تەوەرە پێکهاتووە یەکەم: ناساندنی چەمکەکان، دووەم: گرنگی کارگێری، سێیەم: وەزیفەکانی بەڕێوەبردن. بەشی سێیەمی توێژینەوەکە لە دوو تەوەر پێک دێت: یەکەم: کارگێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، دووەم: پەیکەری کارگێری لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. بەشی چوارەمی ئەم توێژینەوە، لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە دەگرێتەوە، بەشێکی گرنگە لە توێژینەوەی زانستی بە هۆی خستنەڕووی داتا و زانیاریەکان سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە و گەیشتنی توێژەر بەئەنجامی گرنگ. لە کۆتایدا گرنگترین ئەنجام و پێشنیار و راسپاردە و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە، لەگەڵ پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

٢. **چوارچێوەی توێژینەوە**

**کێشەی توێژینەوەکە:**

درککردن بەکێشە و دیاریکردنی، دەبێتە خاڵی سەرەتا لەهەر توێژینەوەیەوەیەکی زانستیداو بەیەکێک لەگرنگترین هەنگاوەکانی توێژینەوە دادەنرێت و رێوشوێنەکانی تری توێژینەوەکە بۆ کێشەی درکپێکراو دەگەرێتەوە.

کاتێك توێژەر هەست دەکات گرفت و بابەتێکی گرنگ هەیە کە پێویست بەراڤەکردن و شیکردنەوە دەکات، بەهەوڵدان و کۆششی زۆر کەپشت دەبەستێت بەکتێب و سەرچاوەی زانستی بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بەپێویست دەزانرێت و بەکاربهێنرێت، هەروەها بۆ ئەوەی ئەوبابەت و کێشەیە بەشێوەیەکی وورد و بابەتی روونبکاتەوە، توێژینەوە ئەنجام دەدات.

لێرەدا کێشەی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کەوا رۆڵی کارگێری دەزگاکانی راگەیاندن لەسەر رۆژنامەنووسان و رۆژنامەی خەبات بە تا چەند راستەوخۆو راستەوانە کاردەکاتەسەر باشترکردنی کارگێری دەزگاکان و ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لەناو یەکێك لەو دەزگایانەدا کاری میدیایی خۆیان دەکەن. توێژەر چەند پرسیارێکی لا بەرجەستەبوون لەبارەی کێشەی توێژینەوەکەوە و لێرەدا دەخرێنە ڕوو:

١. تا چەند رۆژنامەنووسان لە کارگێری دەزگاکانی راگەیاندن رازین سامپڵی توێژینەوەکە بەنمونە؟

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

٢. تا چەند سەرکەوتنی کارگێڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی کاری میدیایی ڕۆژنامەنووسان؟

٣. تا چەند کارگێڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییان لەبەرزکردنەوەی هەنگاوەکانی ناو دەزگاکە دەبێت؟

**گرنگی توێژینەوەکە :**

توێژینەوەی زانستی دەربارەی هەر بوار و بابەتێك بێت،گرنگی و بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە، گرنگی توێژینەوەکە لە سروشتی کێشەی توێژینەوەکە بۆ (ڕۆڵی کارگێڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر ڕۆژنامەنووسان ڕۆژنامەی خەبات بە نمونە) سەرچاوە دەگرێت، بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی تیۆری و پڕاکتیکییەوە لە چەند خاڵێکدا بەرجەستە دەبێت:

١. لەڕووی تیۆرییەوە: ئەم توێژینەوەیە بەزمانی کوردی، هەوڵێکی نوێیە و دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ کتێبخانەی کوردی و ناوەندەکانی توێژینەوە ئەکادیمییەکان لە بواری کارگێڕی ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، هەروەها دەرفەت بۆ توێژەرانی دیکە دەڕەخسێنێت، کە مەبەستیانە لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە، کار لەسەر لایەنێکی دیاریکراوی پەیوەست بە بوارێکی تری ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەن.

٢. لەڕووی پڕاکتیکییەوە: گرنگی دەبێت بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان، تاوەکو بەشێوەیەکی زانستییانە مامەڵەی کارگێڕی لەناو دەزگاکانی ڕاگەکاندا بکرێت.

٣. ئەم توێژینەوەیە بایەخدانە بە کارگێڕی سامپڵی توێژینەوەکە بەنمونە.

٤. ئەم توێژینەوەی گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ڕۆژنامەنووسان، ئەویش سەرکەوتنی کارگێڕی لە دەزگای هۆکارێك دەبێ بۆ بەرەوپێش بردنی کاری میدیایی.

**ئامانجی توێژینەوەکە :**

لە کاتی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی توێژەر چەند ئامانجێکی گرنگی هەیە، ئەگەر ئامانجی نەبێت ناتوانێت بگاتە ڕاستی و دەرئەنجامی گرنگ. دەکرێ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێك کۆ بکەینەوە:

١. بۆ دەرخستنی گرنگی کارگێڕی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

٢. بۆ زانینی ئاستی ڕاستەوانەبوونی کارگێڕی لە کەناڵی ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی کاری میدیایی ڕۆژنامەنووسان.

٣. بۆ زانینی بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە کارگێڕی دەزگای ڕاگەیاندنەکان (نمونەی توێژینەوەکە).

٤. زانین و دەرخستنی، ئاستی کارگێڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندن (نمونەی توێژینەوەکە).

٥. زانینی ڕادەی بایەخپێدانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن (نمونەی توێژینەوەکە) لەڕووی کارگێرییەوە پاشان دیاریکردنی ئەو بایەخپێدانە لەچ ئاستێدایە.

**جۆر و ڕێبازی توێژینەوە :** ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی شیکاریە، هەروەها هەموو توێژینەوەیەك ڕێبازێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیە، لە ڕووی جۆرەوە، دەچێتە نێو چوارچێوەی توێژینەوە پەسنکاریی (وەصفی)-یەکان و، بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانیشی، ڕێبازی (ڕووپێوکاریی) بەکارهێناوە.

مەبەست لە ڕێبازی توێژینەوە دیاریکردنی ئەو میتۆدەیە کە توێژەر پەیرەوی دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەی توێژینەوەکەی و گەیشتنی توێژەر بە ئامانجەکانی لە توێژینەوەکە دیاریکردوە هەروەها ئەو ڕێگەیەیە کە توێژەر بۆ نوسینەوەی توێژینەوەکەی بەکاری دەهێنێت.

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :**

کۆمەڵگەی توێژینەوە؛ هەموو ئەو تاکانە یان بابەت و شمەک و توخمانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە کێشەی توێژینەوەکە و توێژەر بە دوای گشتاندنیدا دەگەڕێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەی، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوە بریتی دەبێت لە (ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەی خەبات).

**نمونەی توێژینەوەکە :**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا نمونەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە جێبەجێکردووە نمونەی توێژینەوەکەش بریتیە لەو ڕاگەیاندنکارانەی کە وەك ڕۆژنامەنوسێك لە ڕۆژنامەی خەبات کاری میدیایی دەکەن وەرگیراوە. نمونەی توێژینەوەکەش بریتی دەبێت لە دابەشکردنی (٣٤) فۆڕمی لەناو ڕۆژنامەنووسانی خەبات دا.

**توێژینەوەکانی پێشوو**

١. ماستەرنامەی (دیاری عوسمان عارف، هونەری بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی کەناڵە تەلەفزیۆنیيە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر بڵاوکراوە، بەشی ڕاگەیاندن، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠).

٢. رساله ماجستير (مجيد صالح عزيز، بيئة العمل الصحفي في المؤسسات الصحفية في اقليم كردستان العراق وتاثيرها علي أداء القائم بالاتصال، رسالة ماجيستر غير منشورة، قسم الصحافة والإعلام، كلية الإعلام، جامعة البنان، ٢٠١٣).

٣. . رساله ماجستير (محمد صاحب سلطان، الادارة الصحفية في العراق (انماط واساليب القيادة) دراسة حالة جريدة الجمهورية، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الاعلام، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠١)

٤. رساله ماجستير (يادكار على محمد، أساليب إدارة غرف الأخبار فى القنوات الفضائية الكردية، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الإعلام، كلية الأداب، جامعة المنصورة، مصر، ٢٠١٥)

سوودی توێژینەوەکانی پێشوو: توێژەر هەوڵیداوە لەچەند ڕوویەکەوە سودیان لێوەربگرێت وەک:

- سوود لەتوێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە لە پلاندانانی لەم توێژینەوەیەدا.
- وەکو سەرچاوەیەکی زانستی سوود لەتوێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە، و لەبەشی تیۆریدا بەکارهێنراون.
- بۆ دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی سوود لەتوێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە.
- لەڕووی میتۆدی توێژینەوەوە، لەڕووی پلان و نموونەی توێژینەوە و هەنگاوە زانستیەکانیانەوە، وەک سەرچاوەی زانستی.

**٣- لایەنی تیۆری توێژینەوە:**

**یەکەم: ناساندنی چەمکاکان**

١. چەمکی کارگێری :

ڕێکخستنی مرۆیی هەر لە بەرەبەیانی مێژوو و کۆنی شارستانییەتی مرۆڤایەتییەوە سەریهەڵداوەو پەیدابووە. هەر لەو کاتەوەی مرۆڤ دارستانەکانی بەجێهێشت و هەوڵی بەیەکترگەیشتنی دا لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە، ئەوەش لە بەر ئەوەی، کە تاك بۆی دەرکەوت توانای ژیانی بە تاقی تەنیاو دوور لە کەسانی دیکە نییە، بەمەش کۆمەڵی مرۆڤایەتی هاتە ئاراوەو دروست بوو. (مرار، ١٩٨٣:ص٨). ئەمە زێدەباری ئەوەی کە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان لە بواری کارگێریدا، وێڕای کۆنی هەڵسوکەوتی کارگێری، ڕەنگە کەمێك درەنگ کەوتبێت. (اعلاق، ٢٠٠٨: ص١٥).

زاراوەی (کارگێری) تەنها لە ڕێگەی واتاو بەڵگە زمانەوانییەکانییەوە دیاری ناکرێت، هەرچەندە پێویستیش بن بۆ چوونە ناو دەروازەی ئەم چەمکەوە. (خورشید، ٢٠٠٦: ٢٩).

کارگێری هونەرێکە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لە ڕێگەی هێزی کرێکاریی مرۆییەوە لە ڕێکخراوێکدا، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی داوا کراو لەلایەن ڕێکخراوەکەوە. (السالمی، ٢٠٠٨: ص١٣).

کارگێری بریتییە لە: "هەموو ئەرك و کارانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە دامەزراندنی پرۆژەیەكء دابینکردنی پارەو سیاسەتە سەرەکییەکانیء مسۆگەرکردنی هەموو کەرەستەو پێداویستییەکانء دانانی چوارچێوەیەکی ڕێکخستنی گشتی، کە کار بۆ هەڵبژاردنی کارمەندە سەرەکییەکانی بکات. (عبوی، ٢٠٠٧: ص١٩).

یاخود گریمانەیی بوونی توانایەکی هاوبەش، یان بە کۆمەڵ دەکات، کە ژمارەیەك کرێکار ئەنجامی بدەن بە ئاراستەکردنێکی وشیارانەو دەسەڵاتدارییەکی باش بەسەریانەوە. (کامل و حامد، ٢٠٠٦: ص٨).

هەروەها کارگێری چالاکییەکی هزریە، کاری گونجاندنی نێوان ڕەگەزەکانی کارە جیاوازەکانە کە ئەوانیش بریتین لە داراییو کرێکارو ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان و ڕەگەزی ڕێکخستن بۆ گەیشتن بە ئامانجی چاوەڕوانکراو بە کەمترین توناو تێچوو و باشترین کارو گەورەترین دەستکەوت کە لە تواناد بێت. (الطاهر، ٢٠٠٩: ص١٤).

**چەمکی رۆژنامەنوس :**

رۆژنامەنوس ئەو کەسەیە بەشێوەیەکی فەرمی لە دەزگایەکی میدیایدا کاردەکات و لە ڕێگای ئامرازە نوێیەکانی میدیاوە ڕووداو و هەواڵ و زانیاریەکان بە شێوەیەکی دروست لەسەر بنەماو بەهای پیشەیی میدیایی و لەسەر بەرژەوەندی گشتی دەگوازێتەوە بۆ خەڵک. (مەجید، ٢٠٢٢ : ٢١)

ئەو کەسەیە، کە کاری ڕاگەیاندن، یان پەیوەندیکردن (کۆمنیکەشن) دەکات، بەرپرسە لەوەی چی دەنوسێت و باسی چی دەکات، چونکە لەوانەیە وشە نووسراوەکانی یان وتراوەکانی لە ڕێگەی رادیۆ یان تەلەفزیۆنەوە ڕەهەندی نێودەوڵەتی هەبێت. (ئەلدروبی،٢٠٠٦: ل٨٣). (عیسانی، ٢٠٠٨: ص٤٧).یاخود ئامانجی کاریگەری خستنە سەر خەڵکانی دیکەیە لە ڕێگەی ئەو بیرۆکانەی کە پاشخانێکی فراوانیان لە سەری هەیە و باوەڕی پێیانە و لە رەفتارو هەڵسو کەوتەکانیدا دەردەکەون. (حجاب، ٢٠١٠: ص١٦٨).

جا دەکرێ ڕۆژنامەنووس کەسێك بێت لە پەیوەندیکردنی خودی و پەیوەندیکردنی کەسی و پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵ، یان لە کەسێك زیاتر بێت، وەکو لە ڕاگەیاندنی بە کۆمەڵو پەیوەندیکردنی جەماوەری. ( إسماعیل، ٢٠٠٣: ص٩٥).

یاخود ئەو کەسانەن، هەواڵ و دەنگوباس و زانیاری لە سەرچاوە هەواڵییەکان کۆدەکەنەوە، چ لە ئاژانسەکانی دەنگوباس بێت، یان ڕۆژنامە، یاخود تاکە کەس، یان دەزگا، یاخود کۆمەڵە و جەماوەر، هەر هەموو ئەوانەش دەرگاوانی ڕاگەیاندنیان پێ دەڵێن. (المشاقبە، ٢٠١١: ص١٩١).

**چەمکی رۆژنامەی خەبات:**

(خەبات)، وەك ڕۆژنامەیەکی سیاسی لە بەغدای پایتەخت، ئۆرگان و زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی (٢٢ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨) دەرچوە، ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی داوایەکی پێشکەشی وەزارەتی (ئیرشاد) کرد، لە ڕۆژی (١١ کانونی دووەمی ١٩٥٩)دا وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر داواکەی دەربڕی و (ئیبراهیم ئەحمەد) بووە خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری ڕۆژنامەکە، هەروەها بەپێی هەردوو برگەی (أ، ب) لە مادەی (٦) یاسای چاپەمەنی عێراقی ژمارە (٢٤) لە ساڵی (١٩٥٤)، وەزارەتی (ئیرشاد) لە (ڕۆژی ١٤/ کانوونی دووەمی ١٩٥٩) پارێزەر (ئیبراهیم ئەحمەد) بووە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەری ڕۆژنامەی خەبات، لە ئێستادا سەلام عبداللە سەرنوسەری ڕۆژنامەکەیە.

ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕووی کارکردنەوە، تا ئێستا زیاتر لە (٦,٥٠٠) ژمارەی لێ دەرچوە و تیراژەکەشی (٦٧٠٠) هەزار دانەیە و بە زمانی کوردی دەردەچێت، (١٦) لاپەڕەیە و لاپەڕەکانی دابەشکراوە بەسەر چەند بوارێك، واتە تایبەتمەندی ئاستی یەکەمی ڕۆژنامەگەری هەیە، بوارەکان پێکهاتون لە بواری (سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەرزشی و هەمەڕەنگ، هەروەها لە بواری کشتوکاڵی و زانستی و پەروەردەی). ئێستا لە شاری هەولێر دەردەچێت، لە ڕێگەی کۆمپانیای (تەتەر)ەوە بەسەر شارەکانی کوردستان دابەش دەکرێت، ئەو ڕۆژنامەیە هەفتەی (٥) ژمارەی لێ دەردەچێت، واتە جگەلە ڕۆژانی (هەینی و شەممە) نەبێت.

**دووەم: گرنگی کارگێری :**

زانستی کارگێری (بەڕێوەبردن Management ) وەک یەکێک لەزانستەکانی سەردەم ئەوەندە بایەخی پێدراوە لەوڵاتانێکدا، کە دەیانەوێ خۆیان کار لەسەر پراکتیزەکردن و شرۆڤەی ئەو پرسانە بکەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئیدارەیەکی سەرکەوتوو دوور لەڕۆتینیات و کەم و کوڕی، وە زانینی بەپێویست دەزانرێت بەتایبەت بۆ کاروباری ئەمرۆی گشتی خەڵک و بابەتە ئیداریمکان لەحکومەتداری و راییکردنی رێڕەوی ئەو رێکخراوو دامەزراوانەی سیاسەتێکی دروستی لەسەر بنیات دەنرێت. (www.kurdiu.org)

کارگێری ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاراستەکردنی تواناى کۆمەڵەکان دەبینێت، ئەو گرنگییەش بە زیادبوونی پشتبەستنی کۆمەڵگە بە تواناى کۆمەڵەکان زیاتر دەبێت و زیاتریش ئەو توانایانە دەچنە ناو پەیوەندییەکانیان و سروشتیشیان ئاڵۆزتر دەکات. ( منصور، ٢٠٠٤: ص٣٩).

بە سەرنجدانێکی خێرا بە پێناسەکانی کارگێرییدا، جەخت لە سەر بایەخی گەورەی ئەو زانستە دەکاتەوە، ئەو هونەرەیە، کە تەقەلای خۆشگوزەرانیی کۆمەڵ دەدات و خزمەتی ئامانجەکانی پرۆژەکان دەکات.( العلاق، ٢٠٠٩: ص٢٠).

هەر لەو سۆنگەیەوە کارگێری بووە پێویستییەك بۆ تاك لە پێویستبوونی بە چاودێریکردنی کاروباری خێزانەکەی و پێویستیی دامەزراوەکەی بۆ رێکخستن و ئەنجامدانی پێداویستییەکان لە سەرمایە. (عباس، ٢٠٠٤: ص١٥). چونکە کارگێری بەشێکی گرنگە لە ژیانداو ئەستەمە دەستبەرداری بیت. هەر لە سەر بنەمای سوود وەرگرتن لە داهاتە بەردەستەکانت، چ لە کاتی هەوڵدان بۆ رێکخستنی ماڵ، یان دوکان، یاخود ڕاپەڕاندنی کارێکی گرنگ. (الفقیە، ٢٠٠٥: ص٦).

هەر بۆیەش کۆمەڵگە جیاوازەکان بە خێرایی بایەخیان بە ڕەگەزی مرۆیی و پێویستبوونی ئامادەکردنی کادیری هونەریو کارگێریی پێویست دا بۆ ڕابەرایەتیکردنی کاری رێکخراوە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە جیاوازیی تایبەتمەندی و شارەزایی و پاشکۆبوونیانەوە. (أبو النصر، ٢٠٠٧: ص٢٤).

کارگێری گرنگی زۆری هەیە بۆ دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەکو دانانی پلانێکی ستراتیژی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنء دیاریکردنی گرنگترین ئەو ئامانجانەی، کە پێویستە جێبەجێ بکرێنء رێکخستنی کارو ئەرك و چالاکی سەرجەم بەشەکانء کارمەندانء رێکخستنی زانستی پەیکەری دامء دەزگاکان. هەروەها ئاراستەکردنی چۆنیەتی کارکردنی سەرجەم بەشەکانء جێبەجێکردنی هەنگاو بە هەنگاوی ئەرکەکان. یاخود چاودێری کردنی وردی دامەزراوەکانء هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەرەو پێشبردنی دام و دەزگاکان و دەرکردنی بڕیاری گونجاو لە کاتء شوێنی گونجاو. (حەمەغەریب، ٢٠١١: ل١١٠،١١١).

**سێیەم: وەزیفەکانی بەڕێوەبردن :**

یەکەم: پلاندانان

پلاندانان بریتییە لە کردارێک گرنگی بە دانانی پلانێکی تایبەت دەدات بە شتێکی دیاری کراو، وە پلاندانان بەوە دەناسرێت کە شێوەپێدانی کۆمەڵە بیردۆزێکن دەربارەی حاڵەتێکی دیاری کراو, وە پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی بیرکردنەوەی ورد، بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی هەڵسوکەوتێکی دیاری کراو لە داهاتوودا. لە

sjh@univsul.edu.iq

ناساندنەکانی دیکەی پلاندانان ئەوەیە کە، چالاکییەکە زۆربەی تاکەکان لە زۆربەی بابەتەکاندا جێبەجێی دەکەن، وە پشت دەبەستێت بە پلانێک لە نێو مێشکدا پێش ئەوەی بگۆڕدرێت بۆ پلانێکی ڕاستەقینە، یاخود دڵنیابوونەوە لەسەر بیرکردنەوە پێش دەستبەکار بوون. (zaniary.com/blog)

پلاندانان، بەوپێیەی کارێکی مرۆڤایەتییە و پەیوەستە بە هەوڵی کێشانی ڕێگای ئایندەو لە ژیانی گشتی و ژیانی تایبەتیشدا هەیە لە ڕێکخراوەکانی کارکردن و لە ڕێکخراوە گشتییەکان وەکو یەکە(د. شادی علی الفقیە، ٢٠٠٥، ص٦)، چونکە یەکێك لە لایەنەکانی نەخشەدانان، پێشبینیکردن و تێچوون و دەستکەوتە. (زویل، ٢٠٠٧: ص١٢٤).

یاخود گرنگی پلاندانان لە کاری سەرەکی بەڕێوەبەر بریتییە لە بیرکردنەوە، بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لە قەیران و هەوڵدان بۆ خۆ بە دەستەوەنەدان بە لێشاوی ئەرکە دەرەکییەکان بە بێ هاوێرکردنی بایەخەکانیو گەیشتن بە چالاکییە خواستراوەکە. (أبو شیخە، ٢٠٠٩: ص١٣٣).

دووەم: ڕێکخستن

ڕێکخستن بە یەکێك لەو کارانەی بەڕێوەبردن دەژمێردرێت، کە بە تاکی کارکەرەوە پەیوەستە، ڕێکخستنی کارگێڕی، کردارێکی زیندوو و چالاکە لە ڕێکخراوە کارگێڕییەکاندا. (اللوزی، ٢٠٠٢: ص٢١).

ڕێکخستن ئەو چوارچێوەیەیە هەر کۆمەڵە مرۆڤێك تیایدا بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەجووڵێتەوەو شێوازی هەرەوەزیی مرۆیی لە پێناو هێنانەدیی ئامانجی هاوبەش دەردەبڕێت. (عبوی، ٢٠٠٦: ص٢١).

گرنگی بە ڕێکخستن خۆی لە بەش بەشکردنی ئەو کارەدا دەبینێتەوە، کە دەخوازرێت ئەنجام بدرێت، هەروەها دەستنیشانکردنی کۆمەڵی کارو پێکهێنانی پلەکانی دەسەڵات و دۆزینەوەی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتو بەرپرسیارێتیدا. (صالح، ٢٠٠٦: ص٤٦).

سێیەم: چاودێری

چاودێری، گەوهەرو کرۆکی کرداری کارگێڕییە. (عسکر، ١٩٩٧: ص٣٩٣). هەموو پرۆژەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە نەخشەسازییەکان جێبەجێ کراون و ئەنجامە خواستراوەکانیش هاتوونەتەدی پێویستیان پێیەتی. (الصیرفی، ٢٠٠٦: ص٢٢٣).

ئەرکی چاودێری لەخۆگرتنی ئەو چالاکییانەیە کە نەخشەسازییان بۆ دەکرێت، تاکو ڕووداوەکان ناچار بکات کە لەگەڵ نەخشەدانراوەکاندا بەڕێوەبچن. (توفیق، ١٩٨٦: ص٧٠).

گرنگی چاودێریش لە کارگێری گشتیدا لە ڕووی کردارییەوە ئەوە دەگرێتەوە، کە مەزن بوونی ڕۆڵی دەوڵەت لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا و پارێزگاریکردنی ئاسایش و بەرگری و هێنانەدیی دادپەروەری لە نێوان هاووڵاتییاندا. (عبوی و حریز، ٢٠٠٦: ص١٧٦).

چوارەم: ئاراستە کردن :

(ئاراستە کردن) بە یەکێ لە وەزیفە سەرەکییەکان و زەحمەتەکانی بەڕێوەبەر دادەنرێ، چونکە کۆمەڵێ پێداویستی و سیماو خەسڵەتی تایبەتی سەرکردایەتی لە خۆ دەگرێ. (ئاراستە) وەزیفەی چوارەمی کارگێڕییە دوای ئەرکی وێنەکێشان

و دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی مەبەست و ئامانجی چالاکیی رێکخراوی رێکخراوی هەردوو ئەرکی نەخشەدانان و رێکخستن. (العتيبي، ٢٠٠٤: ص١٧١).

هەر رێکخراوێك کۆمەڵێك کەس لەخۆدەگرێت، ئەرکی کارگێریش بریتییە لە ئاراستەکردن و گونجاندنء رێکخستنی نێوان ئەو کەسانە. (الرب، ٢٠٠٥: ص٤). ئاراستەکردن بە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی کارگێری دادەنرێت، چونکە لە رێگەیەوە دەکرێ فەرمان و رێنماییەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکان ئاراستە بکرێن. کرداری ئاراستەکردن بەر لە جێبەجێکردنی کارەکان دەست پێدەکاتء لە کاتی جێبەجێکردنیشدا لەگەڵیدا بەردەوام دەبێتء کۆتایشی نایەت، هەتا کۆتایی بە جێبەجێکردنی کارەکە نەیەت. (حسين، ٢٠٠٦: ص٦٣).

پێنجەم: کارگێری کات :

گرنگی کارگێری کات لە خودی بایەخی کاتەوە هەنگاو هەڵدەهێنێت، لە بەر ئەوەی یەکێکە لەو دەرامەتە بنەڕەتییانەی، کە پێویستە وەبەربهێنرێت و بە باشترین شێوەو رێگا سوودی لێوەربگیرێت. (الحناوي، ٢٠١١: ص٣٩).

بۆیە هەندێك بەڕێوەبەر لە ژێر بیروباوەڕێکدا کار دەکەن، کە کاتی تەواویان نییە بۆ ئەنجامدانی هەموو شتێك، دواتر پەنا دەبەنە بەر کارکردن بە شێوەی خێراتر، بەڵام لە زۆر باردا کاری خێرا کێشەی لێدەکەوێتەوە، بەمەش بەڕێوەبەر دەکەوێتە هەڵەوە. (الهور، ٢٠٠٦: ص٢٦).

شەشەم: کارگێریی داهێنان :

بایەخی داهێنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامرازێکە بۆ پەرەسەندن و نوێبوونەوەو داهێنانی رێگاو چارەسەری نوێی گرفتەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانەو دابینکردنی کات و تواناو تێچوون، دەرئەنجامی داهێنانیش دەربڕی ئەو شارستانییەتەیە، کە مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە، چونکە ئەگەر داهێنان و داهێنکاری نەبێت، ئەوا ژیان بە شێوە سەرەتاییەکەی دەمێنێتەوە. (عزيز، ٢٠١١: ص٧٧).

لە لایەکی دیکەش کۆکردنەوەی بیروباوەڕی نوێ و داهێنەرانە بەبێ پیادەو جێبەجێکردنیان هیچ سوودێکیان نییە، باشتر وایە بیرۆکەکە لە سەر ژمارەیەکی کەم و بەرتەسکی خەڵك پیادە بکرێت و راوبۆچوون و پێشنیارەکانیان وەربگیرێت، پاشان بیرۆکەکە بەسەر دەزگاکە بە تەواوی پیادە بکرێت. (خير الله، ٢٠٠٩: ص١٣٤).

**٣. کارگێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن**

**یەکەم: کارگێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن**

سروشتی کارگێریی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەکان لە سروشتی تایبەتی کارگێریی ئەو دامەزراوانەوە هەڵقوڵاوە، کە لە کارگێریی کۆمپانیاو کارخانەکانی دیکە جیاوازن، ئەوەش لە چەندین لاوە بەمجۆرەی خوارەوە: (شاكر، ٢٠١١: ص٧٥،٧٦).

١. سروشتی بابەتە بەرهەمهێنراوەکان (پەیامی ڕاگەیاندن) خاوەن سروشتێکی جیاوازو تایبەتمەند و کاریگەر و جۆراوجۆرە لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ و کۆمەڵگە.

٢. سروشتی بابەتەکانی ڕاگەیاندن، لە رووی کاتەوە لەگەڵ کاروانی رووداوەکان و خێرایی رووماڵکردنەکەی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا رێدەکات.

٣. کارگێری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، پێویستیی بە وشیاریی تەواوی بایەخدان بە مرۆڤـ ئامێر و کات و شوێن هەیە.

٤. سروشتی کاری ڕاگەیاندن، کاری تەواو و بێ کەموکووڕین، هەر تاکێك تیایدا رۆڵی بنەڕەتی دەگێرێت هەرچەندە پێگەی ئەرکداریشی کەم و نزمیش بێت، پاشان ئەم درککردنە بە گرنگیی تاکەکان، پێویستیی بە درکپێکردنێکی گشتگیرتر لە سروشتی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەکانی کارو ڕەفتارەکانیان و شێوزاەکانی پەیوەندیکردنیان و شێوازی سەرکردایەتی کردن تیایدا. (عزیز، ٢٠١٣: ص٦١).

٥. سروشتی بەرهەمهێنەری ڕاگەیاندن، پێویستیی بە نەرمونیانیی کارگێری دەزگا ڕاگەیاندنەکە و سرنەبوون و توانای لە سەر خۆگونجاندنی لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەکان هەیە بەسەرکەوتوویی.

٦. بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتیی زۆر گەورەیە: دەزگای ڕاگەیاندن، دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە بە پلەی یەکەم، بۆیە بەرپرسیارە لە دروستکردنی وشیاری و بیرو هزر لە کۆمەڵگادا، ئەو کارەی کە وای لێ دەکات بایەخێکی گەورە بەو بەرهەمانە بدات، کە پێشکەشی جەماوەری دەکات لە رووی پێشینەو ئەو رەهەندە جیاوازانەی کە لە خۆی دەگرێت. (قیراط، ٢٠١١: ص٢١).

**دووەم: پەیکەری کارگێری لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن**

پەیکەری رێکخستنی دەزگاکانی رۆژنامەوانی دابەشدەکرێت بۆ کۆمەڵێك لە بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەوانی و بەڕێوەبەرایەتی یارمەتیدەرەکان و بەڕێوەبەرایەتییە لاوەکییەکان و ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەوانییەکان ئەمانە دەگرێتە خۆی: (بطراس، ١٩٧٤: ص٥٣)

- کارگێری نووسین
- کارگێری ریکلامەکان
- کارگێری چاپەکان
- کارگێری دابەشکردن.

٢. بەڕێوەبەرایەتیە یارمەتیدەرەکان ئەمانە لە خۆ دەگرێت: (عبد الغنی، ٢٠٠٦: ص٦٤).

- کارگێری کاری کارگێری
- کارگێری دارایی
- کارگێری کۆگاو کڕینەکان
- کارگێری سەرژمێری و بەدواداچوون
- کارگێری کاری کارکەران

٣. بەڕێوەبەرایەتییە لاوەکییەکان و جۆراو جۆر دەبێت بە گوێرەی بارودۆخی دامەزراوەکەو قەبارەی و بە زۆری ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە لە خۆ دەگرێت:

- کارگێڕی کۆمپیوتەر و ڕێکخستنی زانیارییەکان
- کارگێڕی ئەرشیف و پەسەندکردن
- کارگێڕی چاپی بازرگانی
- کارگێڕی پەرتووک و دەرکردە زیادەکییەکان.




وێنەیەك شێوەی ڕێکخستنی هەرەمی دەردەخات: (الطیب، بدون سنە: ص٥١،٥٢).

### ٤. لایەنی مەیدانی

توێژەر بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەکەیە (ڕۆڵی کارگێڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر ڕۆژنامەنووسان ڕۆژنامەی خەبات بە نمونە) ڕێبازی شیکاری لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی گرتوتە ئەستۆ کە یەکێکە لە ڕێبازە زانستیەکانی توێژینەوەی زانستی.

**یەکەم: پرسیارە تایبەتەکان**

**ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە**

**خشتەی (١) ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| ژ | ڕەگەز | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ٢٥ | ٪٧٣,٥٢ |
| ٢ | مێ | ٩ | ٪٢٦,٤٨ |
| | کۆی گشتی | ٣٤ | % ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (١) کە رەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دیاریدەکات دەرکەوتووە کە ڕێژەی (٧٣,٥٢٪)ی دەستنیشانکراوان لە رەگەزی (نێر)ن، وە بە پلەی یەکەم دێن، هەروەها بە ڕێژەی (٢٦,٤٨٪)ی دەستنیشانکراوان لە رەگەزی (مێ)ن، وەبەپێی ڕیزبەندییەکە لە پلەی دووهەمدان، ئەم ریزبەندییە ئەوە دەردەخات کە رەگەزی مێ کەمتر بەشدارن (نموونەی توێژینەوەکە)، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەناو رۆژنامەنووسانی رۆژنامەی خەبات کەمتر رەگەزی (مێ) ن و بەشدار دەبن لە بەشداریکردنی لەو راپرسیەدا. ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە لەناو دەزگاکانی راگەیاندن (کاغەزی) ڕێژەی (مێ) زۆر کەمن زیاتر ڕوویان لە سۆشیال میدیا کردووە.

**تەمەنی نمونەی توێژینەوە**

**خشتەی (٢) تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە**

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٨=> | ٢ | ٥,٨٨ |
| ٢٥-١٩ | ٥ | ١٤,٧ |
| ٣٢ -٢٦ | ١٥ | ٤٤,١١ |
| ٣٩ -٣٣ | ٤ | ١١,٧ |
| ٤٦ – ٤٠ | ٤ | ١١,٧ |
| ٥٣ -٤٧ | ٢ | ٥,٨٨ |
| کۆی گشتی | ٣٤ | ١٠٠٪ |

ئەگەر سەرنج بدەین لە تەمەنی نمونەی توێژینەوەکان، روون دەبێتەوە کەوا ئەوانەی لە نێو رۆژنامەی خەبات کاردەکەن رێژەی زیاتر گەنجن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەنجان زیاتر تواناو هێز و ئارەزووی زیاتریان هەیە بۆ کارکردن.

**باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوە**

**خشتەی (٣) باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوەکان روون دەکاتەوە**

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵت | ١٢ | ٣٥,٢٩ |
| خێزاندار | ٢١ | ٦١,٧٦ |

| | | |
|---|---|---|
| جیابوونەوە | ١ | ٢,٩٤ |
| کۆی گشتی | ٣٤ | ٪١٠٠ |

بە گوێرەی خشتەیی (٣) دەردەکەوێت، کە ئەوانەی باری کۆمەڵایەتیان سەڵتە (١٢) یەکە پێك دێنن بە رێژەی (٣٥,٢٩٪)ە، هەروەها (٢١) لە نمونەکانی توێژینەوەش خێزاندارن، کە رێژەکەی دەکاتە (٦١,٧٦٪)، تەنها یەك نمونەی جیابونەوەش هەیە، کە رێژەکەی دەکاتە (٢,٩٤٪). ئەمەش ئەوە رووندەکاتەوە لە رووی کارگێرییەوە (نمونەی توێژینەوەکە) پێشکەوتنی بەخۆوە بینوە ئەمەش راستەوانە دەگونجێت لەگەڵ بوونی ستافێکی بەهێز (خێزاندار) یەکدەگرێتەوە.

**شوێنی نیشتەجێبوونی نمونەی توێژینەوە**

**خشتەی (٣) شوێنی مانەوەی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| شوێنی مانەوە | دووبارە بوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ناو شار | ٣٠ | ٪٨٨,٢٣ |
| دەرەوەی شار | ٤ | ٪١١,٧٧ |
| کۆی گشتی | ٣٤ | % ١٠٠ |

خشتەی (٣)کە شوێنی مانەوەی نمونەی توێژینەوەکە دیاری دەکات، ئەوە روون دەبێتەوە ئەو قوتابییانەی کە لەناو شار نیشتەجێبوون بە پلەی یەکەم دێن ٨٨,٢٣٪ و، هەروەها ئەوانەی لە دەرەوەی شار نیشتەجێبوون بە رێژەی ١١,٧٧٪. ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆربەی نمونەی وەرگیراو (ناوشار)ن ئەمەش سوودی کارگێری دەبێت لەرووی دەوامی فەرمی رۆژانەی ناو دەزگاکە و هاتوچۆیان بۆ کاتی دەوامی فەرمی.

**ئاستی خوێندەواری نمونەکانی توێژینەوە**

**خشتەی (٤) ئاستی خوێندەواری نمونەکانی توێژینەوەکان روون دەکاتەوە**

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ١ | ٢,٩٤ |
| ئامادەیی | ٩ | ٢٦,٤٧ |
| دبلۆم | ٥ | ١٤,٧ |
| بەکالۆریۆس | ١٨ | ٥٢,٩٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ماستەر و دکتۆرا | ١ | ٢,٩٤ |
| کۆی گشتی | ٣٤ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٤) ئاستی خوێندن روون کراوەتەوە، کە ئەوانەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە (١٨) یەکەن، کە ڕێژەکەی (٪٥٢,٩٤)یە، لە ریزبەندی یەکەم دێن، کەچی (٩) یەکە بڕوانامەی ئامادەییان هەیە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٪٢٦,٤٧)، هەروەها ئەوانەی بڕوانامەیی دبلۆم هەیە (٥)یەکەن و ڕێژەی (٪١٤,٧) پێك دەهێنن، هەرچی ئەوانەی دەرچووی بنەڕەتین، (١) یەکەن، بە ڕێژەی (٪٢,٩٤) پێکدێت، لە کۆتایی ئەوانەی بڕوانامەی ماستەر و دکتورایان هەیە، (١) یەکە بە ڕێژەی (٪٢,٩٤)یە، لە ڕیزبەندی کۆتایی دێن. بە سەرنجدان لە خشتەکە، ئەو دەرئەنجامە دەردەخات، کەوا ئەو یەکانەی لە کەناڵەکان کاردەکەن، زۆرترین لە تاکی توێژینەوە بڕوانامەی بەکالۆرۆسیان هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کەڵەگەڵ خشتەی سەرەوەدا راستەوانە دەگونجێت کە زۆرترینی ئەو رۆژنامەنووسانەی لە رۆژنامەی خەبات کاری میدیایی دەکەن گەنجن.

**ماوەی کارکردنی نمونەکانی توێژینەوە**

**خشتەی (٥) ساڵی کارکردنی نمونەکانی توێژینەوە لە لەناو رۆژنامەکە روون دەکاتەوە**

| ماوەی کارکردن لە کەناڵ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ => | ٢ | ٥,٨٨ |
| ٢- ٦ | ٨ | ٢٣,٥٢ |
| ٧- ١١ | ١٤ | ٤١,١٧ |
| ١٢- ١٦ | ١٠ | ٢٩,٤١ |
| کۆی گشتی | ٣٤ | ٪١٠٠ |

خشتەی (٥) ساڵی کارکردنی یەکەکانی توێژینەوە لە رۆژنامەکە روون دەکاتەوە، ئەوانەی (٧- ١١) ساڵ کاردەکەن، بریتین لە (١٤) یەکە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٪٤١,١٧)، کە زۆرترین ماوەیە بۆ کارکردنی نمونەکانی توێژینەوە، لە ریزبەندی یەکەم دێت، کەچی ئەوانەی لە ماوەی نێوان (١٢-١٦) ساڵ کاردەکەن (١٠) یەکەن و ڕێژەی (٪٢٩,٤١) پێکدەهێنن، هەروەها ئەوانەی لە نێوان (٢- ٦) ساڵ کاردەکەن (٨) یەکەن، ڕێژەکەی بریتییە لە (٪٢٣,٥٢). هەروەها ئەوانەی یەك ساڵ کاردەکەن لە ناو رۆژنامەکەدا، (٢) یەکەن، بە ڕێژەی (٪٥,٨٨) لە ڕیزبەندی چوارەم دێت.

ئەنجامی خشتەی (٥) بۆمان روون دەکاتەوە، کەوا تاکەکانی توێژینەوە، ئەوانەی لە ناو رۆژناکەدا کاردەکەن، زۆرترینیان لە نێوان (٧-١١) ساڵن کەوا کاری میدیایی خۆیان دەکەن لەناو ئەو دەزگا میدیایەدا.

**پیشەی نمونەی توێژینەوە**

**خشتەی (٦) پیشەی نمونەی توێژینەوەکان دەردەخات**

| پیشە (کار) | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەواڵسازان | ١١ | ٣٢,٣٥ |
| دەستەی نووسەران | ٥ | ١٤,٧ |
| بەرپرسی لاپەرە | ٧ | ٢٠,٥٨ |
| پەیامنێران | ٥ | ١٤,٧ |
| ڕۆژنامەنووسی هونەری (دیزاینەر، تایپیست) | ٦ | ١٧,٦٤ |
| کۆی گشتی | ٣٤ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی (٦) پیشەی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕۆژنامەکە روون کراوەتەوە، کەوا ئەوانەی هەواڵسازن بریتین لە (١١)یەکە بە ڕێژەی (٣٢,٣٥٪) بە پلەی یەکەم هاتوون ، بەرپرسی لاپەرە بەپلەی دووەم و (٧) و بەڕێژەی (٢٠,٥٨) دیزاینەر و تایپیتەکان بەپلەی سێیەم و (٦)و بە ڕێژەی (١٧,٦٤) و دەستەی نووسەرا و پەیامنێران بەپلەی چوارەم و (٥) و بە ڕێژەی (١٤,٧) هاتوون. لێرەدا لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەی (خەبات) ڕۆژنامەیەکی سیاسیە و زۆرترینی نمونەی توێژینەوەکە (هەواڵسازن) ئەمەش لەڕووی پێشکەوتن و دارشتنی هەواڵەوە سوودێکی تارادەیەکی باشیان بە ڕۆژنامەکە گەیاندووە.

**خشتەی (٧) مامەڵەکردنی کارگێری لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی ناو دەزگاکە**

| ژ | ڕادە / دەستەواژەکان | لەگەڵیدام بە تەواوی | | لەگەڵیدام | | تارادەیەك | | لەگەڵیدانیم | | لەگەڵیدانیم بە تەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | |
| ١ | دەستەی کارگێری ڕۆژنامەکە لە هەرەمی سەرەوە بۆ خوارەوە ئەکتیڤە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان. | ١١ | ٣٢,٣٥ | ٨ | ٢٣,٥٢ | ٧ | ٢٠,٥٨ | ٥ | ١٤,٧ | ٣ | ٨,٨٢ | ٣,٤١ | ١,١٨٠ |
| ٢ | دەستەی کارگێری ڕۆژنام | ١٥ | ٤٤,١١ | ٥ | ١٤,٧ | ٥ | ١٤,٧ | ٥ | ١٤,٧ | ٤ | ١١,٧٦ | ٣,٣١ | ١,٢٦٤ |


SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مەکە ئاراستەم دەکات بۆ ئەوەی ئینتیمام بۆ کەناڵەکە بە هێزتر بێت. | | | | | | | | | | | | |
| ٣ | دەستەی کارگێڕی ڕۆژنامەکە لە پێدانی بەرپرسیارەتی جیاوازی لە نێوان ڕاگەیاندنکاران دەکات. | ٤ | ١١,٧٦ | ٢ | ٥,٨٨ | ٢ | ٥,٨٨ | ٨ | ٢٣,٥٢ | ١٨ | ٥٢,٩٤ | ٣,٠٣ | ١,٢٠٤ |
| ٤ | لە کاتی ڕوودانی هەر گرفتێك دەستەی کارگێڕی ڕۆژنامەکە مامەڵەیەکی دیموکراسییانەیان هەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران. | ١٢ | ٣٥,٢٩ | ١٠ | ٢٩,٤١ | ٧ | ٢٠,٥٨ | ٣ | ٨,٨٢ | ٢ | ٥,٨٨ | ٣,٢٩ | ١,١٧٩ |
| ٥ | هیچ جیاوازیەکم نیە لە ڕووی ئیمتیازات و پاداشتی ماددی و مەعنەوی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بە سستی کارەکانیان ئەنجام دەدەن. | ٢ | ٥,٨٨ | ٥ | ١٤,٧ | ٤ | ١١,٧٦ | ١٢ | ٣٥,٢٩ | ١١ | ٣٢,٣٥ | ٢,٩٤ | ١,٤١١ |

**دەستەی کارگێڕی رۆژنامەکە، کە لە هەڕەمی سەرەوە بۆ خوارەو ئەکتیڤە**

لە خشتەی (٧) و دەستەواژەی خاڵی (١) بۆمان روون دەبێتەوە، کەوا (١١) لە لێتوێژراوان، بە ڕێژەی (٣٢,٣٥٪)، کە بە پلەی یەکەم دێت، بەتەواوی لەگەڵیدان پێیان وایە، کە دەستەی کارگێڕی رۆژنامەکە، لە هەڕەمی سەرەوە بۆ خوارەوە ئەکتیڤە بۆ جێبەجێکردنی کارەکان، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان بریتین لە (٨) یەکە و بە ڕێژەی (٢٣,٥٢٪)، کە بە پلەی دووەم دێن، بەڵام ئەوانەی تاڕادەیەك بریتین لە (٧) تاکی توێژینەوە ڕێژەی (٢٠,٥٨٪) پێکهێناوە، لە ڕیزبەندی سێیەم دێت.

هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدانین خۆی لە (٥) نمونەی توێژینەوە و بە ڕێژەی (١٤,٧٪) دەبینێتەوە، بە پلەی چوارەم هاتووە، ئەوانەی لەگەڵیدانین بە تەواوی بریتین لە (٣) یەکە و خۆی لە (٨,٨٢٪) پێکهێناوەو لە ڕیزبەندی پێنجەم هاتووە. لێرەدا ناوەندیی ژمێریاریی ئەم خشتەیە بریتییە لە (٣,٤١)، هەرچی لادانی پێوانەییە بریتییە لە (١,١٨٠). لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کەوا بەشی زۆری تاکی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان و دەستەی کارگێڕی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ئەکتیڤە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا دەستەی کارگێڕی نمونەی توێژینەوەکە بە گشتی و دەستەی کارگێڕی ئەکتیڤن و ئەوەش لەناو هەموو ئەندامانی رۆژنامەکە و ناوەڕۆکی (هەواڵی، سیاسی، ئابوری.....هتد) بەپێ ئەو خشتەیەی سەرەوە رەنگی داوەتەوە.

**ئاراستەکردنی ڕاگەیاندنکاران بۆ ئەوەی ئینیتمایان بۆ رۆژنامەکە بەهێز بێت**

لە خشتەی (٧) ئەوەمان بۆ روون بۆتەوە، کەوا (١٥) لە نمونەی توێژینەوەکان بە ڕێژەی (٤٤,١١٪)، کە لە پلەی یەکەم دێت بەتەواوەتی لەگەڵیدان، کە دەستەی کارگێڕی رۆژنامەکە ڕاگەیاندنکاران ئاراستە دەکات بۆ ئەوەی ئینتیمامان بۆ کەناڵەکە بە هێزتر بێت، بەڵام ئەو یەکانەی لەگەڵیدان و تاڕادەیەك و لەگەیدانیم بریتیین لە (٥) نمونە بە ڕێژەی (١٤,٧٪)، کە لە ڕیزبەندی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین بەتەواوی بریتین لە (٤) یەکەو بە ڕێژەی (١١,٧٤٪) بە پلەی سێیەم دێت.

ئەم خشتەیە ئەوە دەردەخات کە ناوەندیی ژمێریاریی بریتییە لە (٣,٣١)، هەوەرها لادانی پێیوانەیی بریتییە لە (١,٢٦٤). لە دەرئەنجامی ژمارەکانی سەروو بۆمان روون دەبێتەوە، کەوا زۆرینەی نمونەی توێژینەوە بە ڕادەی لەگەڵیدان کە دەستەی کارگێڕی رۆژنامەکە ئەندامانی رۆژنامەکە ئاراستە دەکات بۆ ئەوەی ئینتیمایان بۆ رۆژنامەکە بە هێزتر بێت.

لێرەدا لەبەر ئەوەی رۆژنامەکە رۆژنامەیەکی حزبییە زۆربەی ئەندامانی ناو رۆژنامەکەش لایەنگری سیاسەت و پرۆگرامی ئەو حزبەن بۆیە لەرووی ئینتماوە بەهێزن و هاوکارن بۆ بەرەوپێشبردنی رۆژنامەکە.

**ڕادەی دیاریکردنی جیاوازی لە پێدانی بەرپرسیارەتی بە ڕاگەیاندنکاران**

لە خشتەی (٧) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا (١٨) لە تاکی توێژینەوە، بە ڕێژەی (٥٢,٩٤٪) بە پلەی یەکەم دێت، بەتەواوی لەگەڵیدا نین ، کەوا دەستەی کارگێڕی کەناڵ لە پێدانی بەرپرسیارەتی جیاوازی لە نێوان ئەندامانی رۆژنامەکە دەکات، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدانین دەبینین خۆی لە(٨) یەکە بە ڕێژەی (٢٣,٥٢ %) دەبینێتەوەو بە پلەی دووەم دێت، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان بەتەواوی بریتیین لە (٤) نمونە و ڕێژەکەی بریتییە لە (١١,٧٦٪) لە ڕیزبەندی سێیەم هاتووە.

کەچی لە ڕادەیی لەگەڵیدام و تارادەیەك بریتیە لە (٢) یەکەو بە ڕێژەی (٥,٨٨٪)پێکێهیناوە، بە پلەی چوارەم دێت، ئەم خشتیە ناوەندیی ژمێریاریی بریتییە لە (٣,٠٣)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١,٢٠٤). دەرئەنجامی سەروو ئەوەمان بۆ دەردەخات، کەوا بەرزترین ڕێژە بەتەواوی لەگەڵیدا نین کەوا پێیان وایە، کەوا جیاوازی لە نێوان ڕاگەیاندنکاران نیە لە پێدانی بەرپرسیارەتی.

**ڕادەی دیاریکردنی مامەڵەی  دیموکراسییانە لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران**

لە خشتەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا (١٢) لە یەکەکانی توێژینەوە بە ڕێژە (٣٥,٢٩٪) بە پلەی یەکەم دێت و لەگەڵیدان بەتەواوەتی و پێیان وایە، کەوا لە کاتی ڕوودانی هەر گرفتێك دەستەی کارگێڕی ڕۆژنامەکە مامەڵەیەکی دیموکراسییانەیان هەیە لەگەڵ ئەندامانی ناو دەزگاکە، هەرچی ئەوانەی لەگەڵیدان بریتین لە (١٠) یەکە بە ڕێژەی (٢٩,٤١٪)، کە بە پلەی دووەم دێت، ئەوانەی تارادەیەك (٧)نمونە، کە ڕێژەی (٢٠,٥٨٪ )ی پێکهێناوەو لە ڕیزبەندی سێیەم دێت. هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدانین بریتین لە (٣) یەکەو ڕێژەکە بریتیە لە (٨,٨٢٪)، کە بە پلەی چوارەم دێت، ئەوانەش بەتەواوی لەگەڵێدا نین (٢) یەکە و بەڕێژەی (٥,٨٨٪)  لایان وایە کەوا لە کاتی ڕوودانی هەر گرفتێك دەستەی کارگێڕی کەناڵەکان مامەڵەیەکی دیموکراسییانەیان هەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران. ناوەندیی ژمێریاریی بریتیە (٣,٢٩)، هەروەها لادانی پێوانەیی بریتیە لە (١,١٧٩). لەرووی کارگێرییەوە زۆربەی کات هەندێ بریار دەبێت بدرێت جار ئەو بریارانە هەندێك سوودمەند دەبن و بەپێچەوانەوە هەر ڕاستە بۆیە مامەڵەی دیموکراسیانە دەکرێتە شێوەیەکی ڕێژەیی بۆ ئەندامانی دەزگاکە.

**جیاوازی نێوان ڕاگەیاندنکاران لە ڕووی ئیمتیازات و ئەوانەی لە کارەکانیان سستن**

لە خشتەی (٧) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کەوا (١٢) لە تاکی توێژینەوە بە ڕێژەی (٣٥,٢٩٪)، کە بە پلەی یەکەم هاتووە، لەگەڵ ئەوەدانین، کەوا ڕاگەیاندنکاران هیچ جیاوازیەکییان نیە لە ڕووی ئیمتیازات و پاداشتی ماددی و مەعنەوی لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنکارانەی، کە بە سستی کارەکانیان ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدان بەتەواوی بوەتە (١١) یەکە بە ڕێژەی (٣٢,٣٥٪)، کە پلەی دووەم دێت، کەچی ئەوانەی لەگەڵیدان بریتین لە(٥) نمونە، کە ڕێژەی (١٤,٧٪) پێکهێناوە. تارادەیەك (٣) یەکە، کە ڕێژەی (١١,٧٦ %)، کە بە پلەی چوارەم دێت، ئەوانەی لەگەڵیدانین بەتەواوی دەبینین (٢)، کە ڕێژەی (٥,٨٨٪) پێکهێناوە، ناوەندیی ژمێریارییە بریتییە لە (٢,٩٤)، بەڵام لادانی پێوانەیی بریتییە لە (١,٤١١). لە هەموو سستمێکی کارگێریدا پاداشت و سزا بوونی هەیە بۆیە لەناو ئەو نمونەیەشدا ئەو شێوە سستمە بوونی هەیە بەڵام زۆربەی کات ئەندامان (پاداشت) کراون بەپێی ئەو خشتەیەی کە نمونەی توێژینەوەکە وەڵامیان داوەتەوە.

**ئەنجامەکان**

١. لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەکەوێت، دەستەی کارگێڕی ڕۆژنامەی خەبات هاوکاری ڕۆژنامەنووسەکانی دەکات بێ جیاوازی.

٢. زۆرترین وەرگیراوانی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، کەلە خشتەی (٤) دا دیارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت.

sjh@univsul.edu.iq
SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

٣. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە مامەڵە لەگەڵ روداوەکان دەکەن لەناو دەزگاکەدا.

٤. دەرکەوتووە کە دەستەی کارگێڕی ڕۆژنامەکە، کە لە هەرەمی سەرەوە بۆ خوارەو ئەکتیڤن.

٥. لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەیەکی حزبییە زۆربەی ئەندامانی ناو ڕۆژنامەکە( نمونەی توێژینەوەکە) لایەنگری سیاسەت و پرۆگرامی ئەو حزبەن.

٦. لە رووی کارگێریدا سستمی پاداشت و سزا بوونی هەیە لە ناو ڕۆژنامەکە( نمونەی توێژینەوەکە).

٧. وەرگیراوانی فۆرمی راپرسی توێژینەوەکە، زۆرترینیان لە نێوان (٧-١١) ساڵ کاری میدیایی دەکەن لەناو ئەو دەزگا میدیایەدا.

**ڕاسپاردەکان**

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا خرانەڕوو، توێژەر بە پێویستی دەزانێت چەند ڕاسپاردەیەک بخاتە بەردەست میدیاکاران و دەزگاکانی راگەیاندن:

١. ئەنجامدانی خول و وۆرکشۆپی تایبەت بۆ میدیاکاران و دەزگاکانی راگەیاندن، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنیان لە رووی کارگێری ناو دەزگا و ئاشناکردنیان بە پلان و تایبەتمەندی دەزگایەکی سەرووکەوتوو لەڕوی کارگێرییەوە.

٢. ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان، لەبارەی ڕووماڵکردنی پیشەییانەیی پرسی هەڵبژاردن و پرسە جیاوازەکانی دیکەی کۆمەڵ.

٣. هەوڵدان بۆ گەڵاڵەکردنی لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوان میدیاکاران و ستافی کارگێری ناو دەزگا مدیاییەکە تاکو مامەڵەیەکی دروست و راست فەراهەم بێت.

پێشنیارەکان:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوە و وەرگرتنی نمونەی جیاواز زیاتر لە ڕۆژنامەیەك .

٢. دانانی ئەندام و ستافی کارگێری ناو دەزگا راگەیاندنەکان لە کەسانی شارەزا و پسپۆر دابنرێت.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: کتێب**

أ. کتێبی بە زمانی کوردی

١- سابیر ، دیلمان محەمەد، بنەماکانی ئیدارە (پلاندانان، ڕێکخستن، ئاراستەکردن، چاودێری)، چ٢، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤.

ب. کتێب بە زمانی عەرەبی

sjh@univsul.edu.iq

١. أبو النصر، مدحت محمد، إدارة منظمات المجتمع المدني، ايارك للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٧.

٢. أبو شيخة، نادر احمد، مدخل إلي إدارة الوقت، ، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمان، ٢٠٠٩.

٣. إسماعيل، محمود حسن، مبادئ علم الإتصال ونظريات التأثير، الدار العالمية للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٣.

٤. بشير العلاق، إدارة الحملات الأعلانية، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٩.

٥. ----------، مبادئ الإدارة، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٨.

٦. بطراس، صليب، ادارة الصحف، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٤.

٧. توفيق، جميل أحمد، ادارة الاعمال، دار النهضة العربية للطباعة والناشر، بيروت، ١٩٨٦.

٨. حجاب، محمد منير، نظريات الاتصال، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٠.

٩. حسين، سلامة عبد العظيم ، الادارة المدرسية والصفية المتميزة الطريق إلى المدرسة الفعالة، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.

١٠. خورشيد، عبدالله ، البيروقراطية ودورها في ادارة وتنظيم المؤسسات الحكومية، دراسة ميدانية اجتماعية في مدينة اربيل، ط١، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، ٢٠٠٦.

١١. خير الله، جمال، الإبداع الإداري، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٩.

١٢. الرب، سيد محمد جاد، السلوك التنظيمي، موضوعات وتراجم وبحوث ادراية متقدمة، مطبعة العشرى، ٢٠٠٥.

١٣. زويل، محمود أمين، دراسة الجدوي وإدارة المشروعات الصغيرة، دار الوفاء لدينا الطباعة والنشر، الإسكندرية، ٢٠٠٧.

١٤. السالمي، علاء عبدالرزاق، الإدارة الإالكترونية، دار وائل النشر، عمان، ٢٠٠٨.

١٥. شاكر، عطاالله أحمد، إدارة المؤسسات الإعلامية، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١.

١٦. صالح، هاني عبدالرحمن، الإدارة التربوية والسلوك المنظمي، ط٤، دار وائل للنشر، عمان، ٢٠٠٦.

١٧. الصيرفي، محمد عبدالفتاح، إدارة البنوك، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.

١٨. الطيب، عبدالنبي الله، إدارة المؤسسات الصحفية، جمهورية السودان، جامعة وادي النيل، بدون سنة.

١٩. عباس، علي، أساسيات علم الإدارة، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمان، ٢٠٠٤.

٢٠. عبد الغني، أمين سعيد، إدارة المؤسسات الإعلامية في عصر اقتصاد المعرفة، ايتراك للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٦.

٢١. عبوي، حريز، زيد منير و سامي محمد هشام ، مدخل الى الادارة العامة بين النظرية والتطبيق، دار الشروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦.

٢٢. عبوي، زيد منير، الإدارة واتجاهاتها المعاصرة/ وظائف المدير، دار حجلة النشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٧.

٢٣. العتيبي، صبحي جبر، تطور الفكر والآساليب في الإدارة، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٤.

٢٤. عسكر ، سمير أحمد، أصول الآدارة، دار القلم، الإمارات العربية، ١٩٩٧.

٢٥. عيساني، رحيمة الطيب، مدخل إلى الإعلام والاتصال، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٨.

٢٦. الفقية، شادي علي، الإدارة الناجحة، السلسلة الادارية الحديثة، دار النشر والتوزيع- دار نوبليس، بيروت، ٢٠٠٥.

٢٧. اللوزي، موسى، التنظيم، وإجراءات العمل، دار مجد لاوى، للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢.

٢٨. محمد، سيد محمد، اقتصاديات الإعلام، مكتبة الخانجي، القاهرة، ١٩٧٩.

٢٩. مرار، فيصل فخري، الادارة (الآسس والنظريات والوظائف)، دار مجد لاوى للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٨٣.

٣٠. مستشار ، حامد، أسامة كامل و عبدالغنى، مقدمة في الإدارة أكاديمية التعلم، الناشر لورد العالمية للشئون الجامعية، البحرين، ٢٠٠٦.

٣١. المشاقبة، بسام عبدالرحمان، نظريات الاتصال، دار أسمامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١.

٣٢. منصور، علي محمد، مبادئ الإدارة (الاسس ومفاهيم)، ط٢، الناشر مجموعة النيل العربية، ٢٠٠٤.

**دووەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا**

١. ماستەرنامەی (دیاری عوسمان عارف، هونەری بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر بڵاوکراوە، بەشی ڕاگەیاندن، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠).

٢. ماستەرنامەی (ئاشنا دڵشاد مەجید، ئاستی پابەندبوونی میدیاکران بە پرنسیپەکانی ئیتیك و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا (میدیای نوێ بەنمونە)، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، بەشی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ، ٢٠٢٢).

٣. رساله ماجستير (مجيد صالح عزيز، بيئة العمل الصحفي في المؤسسات الصحفية في اقليم كردستان العراق وتاثيرها علي أداء القائم بالاتصال، رسالة ماجسيتر غير منشورة، قسم الصحافة والإعلام، كلية الإعلام، جامعة البنان، ٢٠١٣).

٤. . رساله ماجستير (محمد صاحب سلطان، الادارة الصحفية في العراق (انماط واساليب القيادة) دراسة حالة جريدة الجمهورية، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الاعلام، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠١)

٥. رساله ماجستير (يادكار على محمد، أساليب إدارة غرف الأخبار فى القنوات الفضائية الكردية، رسالة ماجستير غير منشورة، قسم الإعلام، كلية الأداب، جامعة المنصورة، مصر، ٢٠١٥)

**سێیەم: گۆڤارەکان**

أ. گۆڤارەکان بە زمانی کوردی

١- حەمەغەریب، سادق، رۆڵ و بایەخی پلاندانان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژ ٢٣،٢٤، هەولێر، ٢٠١١.

**چوارەم: ماڵپەڕەکان**

١. https://zaniary.com/blog/٥ffde٧٥٧٣٧٢٧c

٢. https://www.kurdiu.org

دور الإدارة المؤسسات الإعلامية على الصحفيين صحيفة خبات انموذجا

**م.م. أياد احمد مراد**

قسم الاعلام/ كولية الآداب/ جامعة صلاح الدين / إقليم كوردستان/ العراق

**ملخص**

هذا البحث بعنوان (دور إدارة الإعلام في الصحفيين مثلا صحيفة خبرات). وهي دراسة وصفية أجريت بطريقة رسومية. وفي سبيل تحقيق أهداف الباحث اعتمد على الشكل البياني.

موضوع هذه الدراسة هو الصحفيون في إقليم كوردستان وموضوع الدراسة هو العاملون في صحيفة (خبات) وهم جميعاً فنانين ومراسلين وطابعين وغيرهم. وتم توزيع (٣٤) استمارة وتلقي الردود اللازمة.

وتعد الدراسة محاولة علمية لبيان دور الإدارة في المؤسسة. كما يوضح نوع الدور وكيف يكون له تأثير إيجابي على أعضاء المؤسسة الإعلامية.

يعد هذا البحث بحثاً وصفياً، استخدم فيه أسلوب المسح الإعلامي، مما يساعد الباحث على إبراز الظاهرة التي يبحث عنها، ويعتبر محاولة واقعية لفهم الحقائق. أهم النتائج: أظهرت نتائج هذه الدراسة أن هيئة تحرير صحيفة خبات تساعد صحفييها دون تمييز. معظم أفراد العينة حاصلون على درجة البكالوريوس، كما هو مبين في الجدول ٤. وتبين أن هيئة تحرير الصحيفة هي التي تنشط من أعلى الهرم إلى أسفله. ولأن الصحيفة صحيفة حزبية فإن أغلب أعضائها (عينة البحث) يؤيدون سياسات الحزب وبرامجه.

الكلمات المفتاحية: الدور، الإدارة، الإعلام، الصحفيون، صحيفة خبات

**The Role of Management of Media Institutions on Journalists, Khabat Newspaper as a Model**

Ayad Ahmed Murad

Department of media - College of Arts - Salahaddin University – Iraq

**Abstract**

This research is entitled (The role of media management on journalists, for example, Khabat newspaper). It is a descriptive study conducted in a graphical manner. In order to achieve the researcher's objectives, he relied on the graphic form.

The subject of this study is journalists in the Kurdistan Region and the subject of the study is the staff members of the newspaper (Khabat) who are all artists, reporters, typists, etc. (٣٤) forms were distributed and necessary responses were received.

The study is a scientific attempt to demonstrate the role of management in the institution. It also demonstrates the type of role and how it has a positive impact on members of the media organization.

This research is a descriptive research, in which the method of media surveying is used, which helps the researcher to highlight the phenomenon he is investigating, and is a realistic attempt to understand the facts. The most important results: The results of this study show that the editorial board of Khabat newspaper helps its journalists without discrimination. Most of the respondents have a bachelor's degree, as shown in Table ٤ . It turns out that the newspaper's editorial board, which is active from the top to the bottom of the pyramid. Because the newspaper is a party newspaper, most of its members (the research sample) support the party's policies and programs.

Keywords: Role, Administration, Media, Journalists, Khabat Newspaper

sjh@univsul.edu.iq